# هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دوا دەکەوێ!



رۆژی چوارشەممەی رابردوو، دوای پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمان رایگەیاند کە ئێستا یاساکە تەواوبووە، پێشنیازی ئەوەشمان خستۆتە بەردەم کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژادنەکان تا لە رێکەوتی 5/19ی ئەمساڵدا هەڵبژاردنەکە ئەنجام بدرێت، بەڵام سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق گوتویەتی سەبارەت بە بودجەی هەڵبژاردنەکان، دوو هەفتە لەمەوبەر داوایەکمان خستۆتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، کەچی تا ئێستا رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیمان لەوبارەیەوە بەدەست نەگەیشتۆتەوە.

فەرەج حەیدەی سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق گوتویەتی: لە ئێستادا چەندین رێگر هەن لەبەردەم ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم کە دەخوازرێ لە رێکەوتی 5/19ی ئەمساڵدا بەرێوەبچێ، چونکە یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێم رەوانەی کۆمسیۆن نەکراوە و رەزامەندی لەسەر بودجەی تایبەت بەو هەڵبژاردنە پێشان نەدراوە.

فەرج حەیدەری لەو باوەڕەدایە کە لانی کەم کۆمسیۆن پێویستی بە ماوەی 90 رۆژ بۆ زەمینە سازی بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکە.

لەلایەکەی دیکەشەوە پەرلەمانتاران پێیانوایە کە ئەگەر تا مانگی ئاب هەڵبژاردنی پەرلەمان بەرێوەنەچێ، ئیدی پەرلەمانی ئێستا رەوایەتی نامێنێ.

هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ساڵی 2005 بەرێوەچوو، دەبوایە دوای ساڵێک هەڵبژاردن بکرێتەوە، بەڵام پەرلەمانی کوردستان بە پێچەوانەی پەرلەمانی عێراق، تەمەنی خۆی لە ساڵێکەوە بۆ چوار ساڵ گۆڕی، بەوهۆیەشەوە تا ئێستا هەڵبژاردن نەکراوەتەوە، لەو پێوەندەدا هەموو لایەنە پەیوەندارەکان پێیانوایە کە دەبێ لە وادەی خۆیدا کە 19ی ئایارە، هەڵبژاردن بەرێوەبچێ، بەڵام چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە لەو کاتە بەرێوە ناچێ، ئەوانەی کە جەخت لەسەر ئەو رۆژە دەکەنەوە، مەبەستی چەواشەکاریان هەیە، چونکە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان چەند پێشنیارێکی خستبووە بەردەم پەرلەمان، لەوانە بەشداریکردنی کوردانی هەندەران ، ئەوەش بڕیاری لێدراوە، بۆیە ئەگەر بخوازرێ کە کوردانی هەندەران بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکەن، لانی کەم 90 رۆژ تا 120 رۆژ ئامادەکاری و زەمینە سازی دەوێ. لەلایەکی دیکەشەوە هەرچەندە کە پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر لیستی داخراو داوە، بەڵام دیسانیشەوە هاوپەیمانێتی نێوان هەردوو لایەنی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان وردەکاری زیاتر هەڵدەگرێ، بەتایبەتیش ئەگەر ئەندامە دابڕاوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە لیستێکی جیاواز بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن، رەنگە هاوپەیمانێتی نێوان پارتی و یەکێتی لەسەر دابەشکردنی رێژەی کورسیەکان گرفتی تێبکەوێ.

کوردستانیان زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکەن، حەز و مەیلی گۆڕانیش بە ئاشکرا وەدیار کەوتوە، بەڵام ئایا لە رەوشێکی ئاوەهادا گۆڕانی بنەڕەتی بەدی دێ؟!

زۆرێک لە چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە دوخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمان لەگەڵ داخوازیەکانی خەڵکدا نایەتەوە، رەوشەکە ئاڵۆزتر دەکات و خەڵکیش بەرەو ساردبوونەوە دەچێ، کە ئەمەش لەبەرژەوەندی لیستە براوەکانی پێشوودا تەواو دەبێ.

ئێستا لەسەر پێکهێنانی لیستی هاوبەش لە نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان دانوستاندن و کێشەیەکی زۆر هەیە، هەرچی دوولایەنە گەورەکەی کوردستانن، دەیانەوێ ئەزموونی پێشوو دووپات بکەنەوەو زۆربەی لایەنەکان لە لیستێکی هاوبەشدا کۆببنەوەو کورسیەکانیش لەنێوانیاندا دابەش بکرێن، بەڵام وەکو ئاشکرا بووە کە چوار لایەن کە ئێستا کورسیان لە پەرلەمان هەیە، نایانەوێ لە لیستی دوو لایەنە گەورەکەی کوردستان دابن، مەیلی ئەوەیان هەیە کە هەر چوار لایەنەکە یان چەند لایەنێکیان بەیەکەوە لیستێک دروست بکەن.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە پێکهێنانی لیستی هاوبەش لە نێوان هەر چوار لایەنی کۆمەڵ، یەکگرتوو، زەحمەتکێشان و سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان کێشەی لێدەکەوێتەوە، هەربۆیەش پێیانوانیە کە بەلیستێکی هاوبەش داببنەزن. لەوانەیە لایەنە ئیسلامیەکان بەیەکەوە یان بە تەنیا بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن، رەنگە هەردوو لایەنی زەحمەتکێشان و سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانیش لەگەڵ چەند لایەنێکی دیکەی نەتەوەیی لیستێک پێکبهێنن.

وێڕای هەموو ئەوانەشەوە باسکردن و خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان رەوشێکی تایبەتی هێناوەتەوە ئاراوە، رەنگە لە داهاتوودا گرژی و ئاڵۆزی لێبکەوێتەوە، بەتایبەتیش ئەگەر هاوبەندیەکان جێگۆڕکێیان پێ بکرێ.

وێڕای کێشەو گرفتەکان هێشتا گرەو لە سەر هەڵبژاردن دەکرێ، لایەنە گەورەکان پێیانوایە کە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا گۆڕانکاری روونادات و هەر خۆیان دەردەچنەوە، هەندێک چاودێریش ئەو دەرچوونەوە بۆ هۆکارەکان دەگێڕنەوە، پێیانوایە مادام هێزی ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگە هی حزبەکان، دەکرێ بەلای ئەوانی بشکێننەوە، لەلایەکی دیکەشەوە چونکە دەرفەتی یەکسان بۆ لایەنە هاورکەکان ناسازێندرێ، لایەنە گەوەکان پارەو پولێکی زۆریان لەبەردەست دایەو بۆ دەنگ کڕین دەکاری دەکەن، پێشبینی ئەوە دەکرێ کە هەڵبژاردن وەکو کە خواستی خەڵکە بەرێوەنەچی و ئاکامەکەی رازیکەر نەبێ.

بەهۆی ئەوەی کە هێشتا وردەکاریەکانی خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان تەواو نەکراون و کاتی زیاتری دەوێ، پێشبینی ئەوە دەکرێ کە لە مانگی ئاب یان ئەیلول هەڵبژاردنی کوردستان بەرێوە بچێ.

**هاشم عەبدوڵڵا محێدین**

hashm_abdulla@hotrmail.com

# مالکی داوای سەرمایەگوزاری ئێران دەکات



رۆژی هەنی رابردوو، لەکاتی دیداری لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی ئێران، نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی عێراق داوای کرد کە ئێران سەرمایەگوزاری لە عێراقدا بکات.

نوری مالکی راشکاوانە داوای لە عەلی لاریجانی سەرۆکی ئەنجوومەنی شورای ئیسلامی ئێران کرد کە هانی کۆمپانیا ئێرانیەکان بدات تا بێن لە عێراق سەرمایەگوزاری بکەن و لە ئاوەدانکردنەوەی عێراق هاوکاری بکەن.

سەرۆک وەزیرانی عێراق جەختی کردۆتەوە کە عێراق پێویستی بە هاوکاری و سەرمایەگوزاری دۆستان هەیە، کۆماری ئیسلامی ئێرانیش دۆستی نزیکی عێراقە، بەوهۆیەوە لێیدەخوازێ تا هانی کۆمپانیاکانی بدات سەرمایەگوزاری لە عێراق دا بکەن، ئەو داوایەی مالکی نەک هەر پرسیارو گریمانی زۆری دروست کردووە، بەڵام چاودێران پێیانوایە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەتایبەتیش ئیدارەی ئۆباما دەیانەوێ لە رێگەی راکێشانی ئێران بۆ ناو عێراق پەیوەندیەکانی خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دروست بکەنەوە، بەتایبەتیش بەهۆی ئەو پێوەندیە مێژووی و پتەوەی کە شیعەکان لەگەڵ ئێراندا هەیانە.

چاودێران پێیانوایە کە ئەگەر کۆمپانیاکانی ئێران سەرمایەگوزاری لە عێڕاقدا بکەن، دروست کردنەوەی پەیوەندی لەنێوان ئەمریکاو ئێران ئاسانتر دەبێ، چونکە دەیان کۆمپانیای ئەمریکی سەرمایەگوزاریان لە عێڕاقدا کردوە، ئەگەر کۆمپانیاکانی ئێرانیش سەرمایەگوزاری لە عێڕاق دا بکەن، ئیدی ئەوانیش بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان هانی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی ئێران دەدەن تا پەوەیوەندیەکانی نێوانیان ئاسایی بکەنەوە، بەتایبەتیش کە ئیدارەی باراک ئۆباما راشکاوانە خوازیارە کە دانوستاندنی راستەوخۆ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران ئەنجام بدات و پەیوەندیەکانی ئاسایی بکاتەوە.

پەیامەکەی باراک ئۆباما بەبۆنەی جەژنی نەورۆز بۆ خەڵک و کاربەدەستانی ئێران سەرەتای وەەرچەرخانێکی نوێ لە پێوەندی نێوانیاندا دەبێ. یاخود دەکرێ وەک نیازپاکی وەربگیرێ و کاری لەسەر بکرێ، بۆیە دوور نیە کە واشنتن بۆ خۆی پێشنیاری بە نوری مالکی کردبێ تا لە ئێران بخوازێ کە هانی کۆمپانیاکانی بدات و سەرمایەگوزاری لە عێڕاق دا بکەن.

هەرچەندە بە کردەوە بەرهەم و کاڵای کۆمپانیاکانی ئێران، بازاڕی عێراقیان پڕ کردووە، بەڵام بە ئاشکرا نەهاتوون لەنێو خاکی عێراقدا سەرمایەگوزاری بکەن.

کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەردەمی رژێمی سەدام هاوکاری و کۆمەکی بە نەیارانی بەعس دەکرد کە ئێستا جڵەوی حوکمیان لەعێراق بەدەستەوەیە، هەروەها لە دوای روخانی رژێمی بەعیسیش بەردەوام داکۆکی و پشتیوانیان لەو هێزانە کردووە کە پێوەندی توندوتۆڵیان لەگەڵ ئەواندا هەبووەو هەیە، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی ئەوەی کە مەزارو شوێنە پیرۆزەکانی شیعە زۆربەیان لە عێراق دان، کۆماری ئیسلامی ئێران خوازیارە کە پێگەی خۆی لە عێراق بەهێزتر بکات، ئەو داخوازیەی نوری مالکی لەگەڵ خواست و ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دێتەوەو پێشوازی لێدەکات، بەڵام ئایا ئاکام چی روودەدات.

**سەربەست کانەبی**

# گروپە نەیارەکانی بەغداد چەک دادەنێن!

بەرپرسێکی باڵای حکومەتی عێراق دوێنێ ئاشکرای کرد کە ژمارەیەک لە گروپە چەکدارە نەیارەکانی حکومەتی بەغداد ئامادەن چەک دابنێن و بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا بکەن.

بەرپرسە باڵاکە گوتویەتی کە لە داهاتوویێکی نزیکدا ژمارەیەک گروپی چەکدار دەگەڕێنەوە ریزی نیشتمانی و چەکەکانیان رادەستی دەوڵەتی دەکەن و بەشداری لە پرۆسەی سیاسی و ئاشتیانەدا دەکەن.

محەمەد سەلمان ئەلساعدی سەرۆکی لیژنەی بەدواداچون و جێبەجێکردنی ئاشتەوایی نیشتمانی کە سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقە ئاشکرای کردووە کە رێبەرانی ژمارەیەک گروپی چەکدار نامەیان ناردووەو ئامادەیی خۆیان بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕو ئاژاوە دەربریوە و لەم نزیکانەدا چەکەکانیان رادەستی دەوڵەت دەکەن و بەشداری لە پرۆسەی سیاسی و ئاشتەوایی نیشتمانیدا دەکەن، بەڵام بەشێک لەو گروپانە هەر دەمو دەست ئەو لێدوانەیان رەت کردەوەو رایانگەیاند کە ئەوان هەرگیز چەک دانانێن و ئاشتەوایش لەگەڵ حکومەتی ئێستای عێراق دا ناکەن.

جەیشی موجاهیدن کە گروپێکی چەکداری نەیاری حکومەتی عێراقە لە راگەیاندراوێکدا کە لەسەر ماڵپەرەکەیاندا بڵاوکراوەتەوە، ئەو لێدوانەی ئەلساعدی رەت کردۆتەوەو رایگەیاندوە کە ئەمە درۆیەکی شاخدارەو ئەوان و گروپە چەکدارەکانی دیکە نایانەوێ لەگەڵ حکومەتێک دابنیشن کە داگیرکار پێکی هێناوە.



جەیشی موجاهیدین زۆر بەتووندی چونە ناو گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی ئێستا و دانوستاندن لەگەڵیدا لەسەر مێزێکدا رەت کردۆتەوەو ئەمەشی بە پیلانگێری لێکداوەتەوەو نووسیەیەتی : 'ئەمە درۆو بوختانە، لە دوورو نزیکەوە راست نیە، ئێمە و گروپە جیهادیەکانی دیکە پەیوەندیان لەگەڵ بەغداد نەکردووەو بەشداریش لەو پرۆسە سیاسیە ناکەن کە بە پشتیوان و چاودێری ئەمریکا هاتۆتە ئاراوە'

جەیشی موجاهیدین لە بەیاننامەکەیدا نووسیەیەتی: ئێمە رستە و درێژیەکانی ئەو پەیوەندیانە رەت دەکەینەوەو وەڵامیان نادەینەوە، بەڵکو بە بیروباوەڕی شەرعی خۆمان پێبەند دەبین لەسەر جیهادکردن بۆ رزگارکردنی وڵاتی موسڵمانان بەردەوام دەبین'

لەکاتێکدا کە حکومەتی عێراق زۆر دەهەوڵ بۆ ئاشتەوایی و گەرانەوەی گروپە چەکدارەکان دەکوتێ، کەچی زۆربەی گروپە چەکدارەکان بە گاڵتە جاریەوە لەو داوایەی حکومەت دەڕوانن و لێی نزیک نابنەوە، بەڵام ئایا ئەو هەراو هۆریایە بۆچی رۆژانە دووپات دەبێتەوە؟؟ بەرپرسە باڵاکانی حکومەتی عێراق کە ئەو گروپە چەکدارانە بە تیرۆریست و خوێنرێژ دەناسێنێ ئەی بۆچی داوای دانوستاندنیان لێدەکەن!!

**ئاکۆ مەجید**